

# کەلاوەی نان



دڵشاد حسێن



کەسەکان: حەمەی عەرەبانچی، منداڵ، کۆمەڵێ ئەکتەر کە سێبەری خەیاڵەکانی حەمەن، لەکاتی جیاجیادا ڕۆڵی کەسایەتییەکان ئەبینن.

شوێن. بەردەمی ناوەڕاستی شانۆ. حەمە عەرەبانەکەی منداڵێکی لەسەرە و پاڵ ئەنێ بەرەو سەر شانۆ، لەگەڵ کەسەکان دەست بەجوڵە ئەکەن..

دەنگەکان+حەمە: هۆ خەڵکینە دەگوێ بگرن
تەنها ساتێ خەمەکانم لـێ وەربگرن
بۆتۆ پادشا و من هەژارم؟
بۆتۆ بێخەم موڵکداری
منیش ماندوو هەر بێکارم؟

هۆ خەڵکینە دەگوێ بگرن
تەنها ساتێ خەمەکانم لـێ وەربگرن
چاوەڕوانی بوو بە میوان
خەمی گەورەی لەکۆڵنام و
برسێتیی کردە پشتیوان
بە بێدەنگی هاوار ئەکەم
بۆ ژیانی پڕ لە گریان
ئەپاڕێمەوە لە یەزدان
هۆ خەڵکینە دەگوێ بگرن
تەنها ساتێ خەمەکانم لـێ وەربگرن

(شوێنی رووداو: بەردەرگای نەخۆشخانە.. دوو کەس منداڵەکە لەدەرگاکەوە ئەبەنە ژوورەوە و دەرگا دائەخرێت)

حەمە: دەرگاکەم لـێ دامەخەن، دەرگاکەم لێبکەنەوە با کوڕەکەم ببینم، دەرگاکەم لێبکەنەوە، دەرگاکەم لێبکەنەوە.. (بێدەنگی) ئەو دەرگایەی کوڕەکەمی لێ چووەتەژووری مان و نەمانەوە، ناکرێتەوە تا کوڕەکەم ببینم، خوایە تۆبڵێی جارێکی تر چاوم بەچاوی بکەوێتەوە

دەرگاکەم لێبکەنەوە با کوڕەکەم ببینم.. خوایە رەحمێ کوڕەکەم نەخۆشەو لەژوورەوەیە بەسەلامەتی بێتە دەرەوە، ئێستا لەژوورەوە مێردەزمەی مەرگ و پەپولەی ژیان لەلەرۆحی کوڕەکەم ئاڵاون، خوایە کوڕەکەم جارێکی تر بەسەلامەتی بێتە دەرەوە (بێدەنگی).

حەوت ساڵە ئەو کوڕەم لەسەر ئەم عەرەبانەیە بەخێو کردووە، ئەم عەرەبانەیە جێگەی خەو و خۆراکمان بووە، چونکە من لەم عەرەبانەیە زیاتر هیچ شتێکی تر لەم ماڵی دنیایە شك نابەم، حەوت ساڵە هەرچی کۆڵانە جوان و ناشرینەکانی شار هەیە بەم عەرەبانە تەی ئەکەم، کوڕەکەم جگە لە دیوارو شەقامە رزیوەکان نەبێ لەم شارەدا شتێکی جوانی نەدیوە، بۆیە زۆرجار پێی ئەوتم..

دەنگی منداڵ: بابە ئەمەیە هەموو دنیا، هەر ئەم عەرەبانە و کوڵانانەیە؟ بابە بۆ ئەو منداڵانە یاریی جوانیان هەیە من نیمە؟ بۆ ئەوان باسی زۆر شوێنی خۆش ئەکەن ئێمە نەمان دیووە؟

حەمە: منیش پێم ئەوت نازانم، درۆم لەگەڵ ئەکردی، چی بکەم وەڵامم پێنەبوو، ئەبوایە هەر درۆم بکردایە، منێك کە عارەبانەیەك سەروەتم بێت و جێگەی خەوو خۆراکم بێت. لەکوێ وەڵامی پرسیارەکانت بدۆزمەوە. کوڕم بەس ئەم جارە چاك بێتەوە ئەتخەمە سەر ئەم عارەبانەو بەهەموو شوێنە خۆشەکانا ئەتگێڕم (وێنەی بەلەمێك) کوڕم سەیرکە ئەوە دەریا، ئەوە رووبار، ئەوە شاخ و کێو، ئەوە یاریی منداڵان.. خوایە بەس ئەم جارە چاك بێتەوە.

نازەگیان خۆزگەم بەخۆت کە لەم چاوەڕوانییە دووریت و تۆ بۆ خۆت حەسایتەوە و منت بەتەنیا لەم دنیا خەنجاڵەدا بەجێ هێشت..

دەنگی نازە: حەمە توخوا ئەگەر من مردم ئەمانەتی تۆ و ئەو منداڵە نەهێڵی برسیی بێت، نەهێڵی سەرمای بێت، سۆزو خۆشەویستیی بدەرێ با هەست بەبێ دایکی نەکات. حەمە، تەنها ئەوەندە ئەڵێم ئامانەتی تۆ و ئەو منداڵە...

حەمە: نازەگیان ئەمانەتییەکەم هەڵگرت، بەڵام چی بکەم تۆ منت لە زەلکاوێکدا بەجێهێشت، بەدەستێ نانم پەیدائەکرد و بەدەستێ لەباوەشی سۆز و خۆشەویستیم ئەگرت، زەلکاوێکی بێ رەحم، هەر منم بەرگەیيم

گرتووە.. دەرگاکەم لێ بکەنەوە.. دەرگاکەم لێبکەنەوە..

هۆ خەڵکینە گوێم لێ بگرن من کارەساتم کارەسات، پاشماوەیەکم و لە زبڵدان فڕێیان داوم زەمەنێکم و لە مێژوو باس نەکراوم هۆ خەڵکینە دە گوێ بگرن..

( زەمەنی لاوی)

حەمە: ئەو ڕۆژانەی کە لاو بووم، ئەو ڕۆژانە لەگەڵ دنیا پێئەکەنیم، ڕۆژانێك بوو کە هەرگیز لەیاد ناچێتەوە، کڵاوی لارم لەسەر دائەناو گۆرانیم بۆ خۆشەویستی ئەچڕی (دەنگی گۆرانی) ئەو ڕۆژانە بوو کە نازەم تیاناسی (نازە دەرئەکەوێ) لەیادتە نازە گیان ئەو ڕۆژانەت لەیادە سەرەتاتکێی کۆڵان، فیکەی سەربان راکە راکەی شەوان، لەبیرتە نازە گیان یەکەم جار چەند بەزەحمەت ئەو وشەیەم درکان و پێم وتی خۆشم ئەوێی، تۆش بەشەرمەوە سەرپۆشەکەت بەچاوتەوە گرت و راتکردە، پێم وتی خۆشم ئەوێی نازە گیان خۆشم ئەوێی، خۆشم ئەوێی..

هاوارم کرد: دایە نازەم بۆ بێنن نازەی مام حاجی.

( زەماوەند)

(دەنگی زەماوەند و مۆسیقا) ئەوە چییە، چی ڕوویداوە؟

دەنگ: ئەی نازانی؟ زەماوەندە، زەماوەندی نازە و تۆیە..

(شایی و هەڵپەڕکێ و نازە بەبووکی دێنن، حەمەو نازە ئەچنە نێو پەردەی بووکێنی)

ئەڵێ، لەو شەوە خۆشانەی کە تەواو بوونی نییە، ئەو شەوانە تابەیانی بەدیار نازەوە دائەنیشتم و راز و قسە هەر تەواو نەدەبوو، قسەی خۆشم بۆ ئەکرد، پێئەکەنین، درۆی خۆشم بۆ ئەکرد، ئەو شەوانە چۆن لە یاد ئەچنەوە، سەیری چاوانی نازەم ئەکردو لە چاوییەوە لە هەموو دنیام ئەڕوانی، کە ڕۆژانە بەعەرەبانەکەم کۆڵانەکانم تەی ئەکرد هەر بەخەیاڵی ئەوە بووم کەی ئێوارەدا بێت و بچمەوە و سەرکەمە سەر کۆشی نازە، کە ئەگەڕامەوە ماڵێ ماندووییەتیم لەبیر ئەچوو و سەر لەکۆش و چاوبەچاوی نازەوە شەوانم بەڕێ ئەکرد. دایك کێیە، باوك کێیە، کەس کێیە؟ من هەر نازەم ئەبینی و نازە هەموو ژیانم بوو.

ئاواتەخواز بووین هێلانەی ژیانمان گەورەتر بێ و ببینە باوك و دایك. هەردوو ئەپاڕاینەوە.. ئەڵێ.. ئەڵێ (پاڕانەوە)

دەنگەکان: (بەدەوری حەمە و نازەدا بە چراو بوخوردەوە، دیمەنی پاڕانەوە)

حەمە و نازە: خوایە کۆرپەیەکمان پێببەخشی... ئەڵێ... ئەڵێ

دەنگەکان: خوایە مورادیان حاسڵ بکەیت... ئەڵێ... ئەڵێ

(هاواری ژانگرتنی نازە... بێدەنگی) ئەوە نازەیە ژان ئەیگرێ، خوایە رەحمێ.

دەنگەکان: خوایە رەحمێ..

حەمە: ئەم شەوە نابڕێتەوە، دێم و دەچم، هەزار شتی جۆراوجۆر بەمێشکمدا دێ و دەچێ، خوایە نازە و کۆرپەکەم ساغ و سەلامەت بن، ئەمشەو هەموو لەگەڵما ئێشك بگرن، لەگەڵما دوعا بکەن، ئەمشەو منالێك لەدایك ئەبێ لەگەڵما بپاڕێنەوە، ئەمشەوی ژانە زوو کۆتایی بێت.

دەنگەکان: ئەمشەو بە دوورخەی لە شەوی شەوان.

حەمە: ئەمشەو بەدورخەی لە نفوسی ناحەزان

دەنگەکان: ئەمشەو بەدوورخەی لە حەزی شەیتان.

حەمە: حەزئەکەم کوڕێکمان ببێ، کوڕێکی جوان، بەدڵ و بەگیان گەورەی ئەکەم، کە گەورە بوو فێری عەرەبانە لێخووڕینی ئەکەم، لەگەڵ خۆما ئەیگێڕم و یارمەتیی باوکی ئەدات، داوای جوانترین کچی بۆ ئەکەم،

ئەچمە خوازبێنی و خاڵە حاجی کوڕەکەمان ناکەی بەکوڕی خۆت، خاڵە حاجی کچەکەتان ناکەی بەبووکی ماڵمان. خوایە کوڕ بێ.

دەنگەکان: خوایە کوڕ بێ..

حەمە: ئەی ئەگەر کچ بوو، ئەگەر کچ بوو.. با لە ماڵەوە یارمەتیی نازە بدات ئەوجا گەورە ئەبێ و ئەبێتە جوانترین کچی ئەم شارەو خەڵك دێنە خوازبێنی و پێم ئەڵێن: کاکە حەمە کوڕەکەمان ناکەی بەکوڕی خۆت، منیش بەلادەمێکەوە ئەڵێم نەئ، کچەکەتان ناکەی بەبووکی ماڵمان ئەڵێم نەئ، کچم خۆت بڵێ ئەبێتە بووکی کێ... ئەوەچی بوو بۆ ئەم شەوە نابڕێتەوە، خوایە ئەم شەو هیوابڕاوم نەکەی.. خوایە هاوارە..

دەنگەکان: خوایە هاوارە..

( لەدایکبوون)

(دەنگی مناڵ لەدایك ئەبێ)

دەنگ: پیرۆزە حەمە بووی بەباوکی کوڕێك.

حەمە: چیی؟ بووم بەباوکی کوڕ؟

(دیمەنی جەژنی لەدایکبوون لەگەڵ مۆسیقا)

حەمە: کوڕێکی جوانمان بووە، ناوی بنێم چی؟ هۆ خەڵکی شار، پیاو و ژن و منال، ناوێکی خۆشم بۆ بدۆزنەوە، ناوێکی وا کەس تائێستا نەیبیستبێ، لە زەوی و ئاسمان بگەڕێن، تا ناوێکی خۆشم بۆ ئەدۆزنەوە، ناوێکی خۆش.. ناوێکی خۆش..

دەنگ: ناوی بنێ عەبدوڵلا

حەمە: نەء، ناوێکی خۆشتر

دەنگ: ناوی بنێ عەبدولعەزیز

حەمە: نەئ ناوی خۆشتر

دەنگ: کەریم

حەمە: نا، ئەو ناوانە نەء، ناوی تازە و خۆشم ئەوێ..

دەنگ: ......

حەمە: نا، ناوێکی خۆشترم بۆ بدۆزنەوە.

دەنگەکان: ئازاد..

حەمە: ئازاد؟ (بیرئەکاتەوە) ئازاد ناوێکی زۆرخۆشە، کورتەکەیشی ئەبێتە ئازەی نازە، ئەو ناوەیە کە من ئەمەوێ، ئێستا من کوڕێکم هەیە ناوی ئازەیە، ئەبێ گەورەی بکەم، (عەرەبانەکە پاڵئەنێ) ئەبێ زیاتر ئیش بکەم و عەرەبانە پاڵ بنێم و ئەبێ نانی سێ کەس پەیدابکەم، بۆیە بەیانی هەتا ئێوارە هەموو کۆڵانەکانی شار تەی ئەکەم. خاڵە گیان با بارەکەت بۆ بگەیەنم، نا خاڵەگیان خۆشم باری ئەکەم. باری قورس قورس بارئەکەم و گوێم لەهەموو بۆڵەو قسە ناشیرنەکانی خەڵکە، بەڵام خۆمی لێ گێل ئەکەم، چونکە من ئەبێ سکی سێ کەس تێر بکەم.

کە ئێواران بەشەکەتی و ماندوویی ئەگەڕێمەوە ماڵەوە، هەر لە دەرگاوە کە چاوم بەچاوەکانی ئازە ئەکەوێ، هەموو ماندووبوونێکم بیر ئەچێتەوە، لە باوەشی ئەگرم و تێر ماچی ئەکەم و ئەکەومە یاری و گەمەکردن لەگەڵیدا، جارجارێکیش لەگەڵ نازە (یاریی منالانە لەگەڵ منالەکەدا ئەکات ) ئەمجا هەردووکمان تێر ماندوو ئەبین، لە جێگای خۆم هێدی هێدی خەوی ماندوویی ئەمباتەوە. چەند دڵم خۆشە و چەند بەختەوەرم، ئاخ خۆزگە سکیشم تێر ئەبوو، هەموو ژیانم پڕ ئەبوو لە کامەرانی، بەڵام هێشتا هەر بەختەوەرم، خوایە ئەم

بەختەوەرییەم لـێ تیك نەدەی، بەڵام نا ئەوە حەمەی عەرەبانچی نییە تاسەر بەختەوەر بێ (سەرخەوێك، بێدەنگی هاواری نازە لە دوورەوە دێت)

نازە: حەمە نەخۆشم زۆر ناساغم، فریامکەوە حەمە.

حەمە: نازە نەخۆشە و ناتوانم فریای کەوم، توانای چارەسەرکردنیم نییە، ناچارم تەنها ئەڵێم نازە گیان هیچ نییە قەنداغی گەرم بخۆ چاك ئەبی، هێندە قەنداغم دەرخوارد دا هەر سوودی نەبوو، کە ئێواران بەماندوویی و شەکەتی ئەگەڕامەوە، ئازە و نازە پێکەوە ئەیانزریکان، ئەو لەتاو ئازارو ئەمیش بۆ برسێتی، توانای سەیرکردنیانم نەبوو، شەو تابەیانی هاوارو زریکەی نازە خەوی لـێ ئەزڕانم، منیش بۆ ئەوەی ئەو دیمەنە نەبینم و گوێم لەو زریکەی ئازارە نەبێ، روو لە کۆڕی مەیخۆران ئەکەم.

(دیمەنی مەیخۆران.. گۆرانی)

حەمە: (سەرخۆشەو بەگۆرانی) کوڕینە ئەمشەو تابەیان بخۆنەوە، من لەتاو هاواری نازە هەڵاتووم، نازە نەخۆشە. نوکەنوك ئەگری، نازانم چیی لێ بکەم. هەڵاتووم، دەی کۆڕی ئەمشەو گەرم گەرم کەن، دەی کوڕینە لەگەڵما بخۆنەوە.

کەسی1: گوێ بگرن کوڕینە شیعرم دێ، شیعر.
هەموو: بڵێ، دەی بڵێ..
کەسی1: تێرێك دەستی بەسکیا ئەهێناو ئەیوت *
سەیرە زۆر سەیرە چۆن لەتێ نان
ئەبێتە تەنیا دروشمێ بۆ شۆڕشی برسییەکان
برسییەکیش لە کەلاوەیەك بەخەبەر هات
مانگی لێ بوو بە لەتێ نان..
هەموو: بە قوربانی دەمت بم
کەسی2: کوڕینە ئەگەر 100 دینارم هەبوایە ئەزانن چیم لێ ئەکرد؟
هەموو: چیت لێ ئەکرد؟
کەسی2: نیوەیم ئەدا بە عارەق..
هەموو: ئەی ئەو نیوەکەی؟
کەسی2: (ئەوەستێ) ئەو نیوەکەیشم هەر ئەدا بەعارەق!
هەموو: ( پێکەنین)
حەمە: کوڕینە ئەمشەو بەزمم لەگەڵ خۆشکەن (بەگۆرانی)
رام کرد.. رام کرد
نازە نەخۆشە، منیش رام کرد
نازە ئەناڵێنێ و منیش رام کرد
لە تاو ئازاری نازە هاتووم
دەی ئازاری نازەم بیر بەرنەوە
لەگەڵ منا بیلێنەوە
هاتووم هاتووم، ئازارم بیر بچێتەوە
ئەمشەو درەنگ رۆژ بێتەوە

خەوی درێژ بمباتەوە
با ناوسکم وشك بێتەوە
لەگەڵ منا بیلێنەوە.. با لەبیرم بچێتەوە
لە دەست خەڵکی رابکەم و
هەموو دنیا لەگەڵ خۆما سەرەونگوم ببێتەوە
دەی لەگەڵما بیلێنەوە
(گۆرانی بەردەوامە و دیمەن لەگەڵ تاریکی ئەگۆڕێ)
(ماڵەوە.. خاوەن خانوو)

حەمە: (سەرخۆشە) ئەمشەو شا بە سەپان نازانم، من خاوەنی هەموو دنیام، کێ هەیە ئەمشەو لە من سوڵتانتر؟ هەموو شەوێ خاوەن خانووی نەعلەتی بەر ماڵی لێ ئەگرتم، هەڕەشەی دەرکردنی لێ ئەکردم، شەوانی سەری مانگی لێ ئەکردمە تاریکستان، بزانم ئەمشەوی سەری مانگ ئەتوانێ بێتە خزمەتم؟ ئاخ خۆزگە ئەمشەو ئەهات، بەخوا کارێکم پێ ئەکرد با بەدەواری شڕی نەکردبێ، زەوی، زەوی خوایە و تیا دانیشتوم، کرێ نادەم، چی ئەبێ، نیمە و نایدەم، با بچێ سەر لە بەردی ئەلحەد بدات، دەی ورگ زلی خاوەن خانوو وەرە با ئەمشەو داخی ئازاری ئەم هەموو ساڵەت پێ بڕێژم، کوایت بۆ ئەمشەو دیارنیت، سەری مانگە بۆ نایەیت؟

دەنگ: ها حەمە چییە تێکچووی، نازانی بەیانی سەری مانگە.

حەمە: جا با سەری مانگ بێ، هیچ بووە؟

دەنگ: کوا کرێی خانووەکە ئەوە سێ مانگە کرێت نەداوە.

حەمە: کرێی چی خۆ من کرێچی نیم، خانوو خانووی خوایەو تیایدا ئەژیم !

دەنگ: وتت چی؟ (دەنگی زللەیەك)

حەمە: زللەی بەرئەکەوێت نا نا بەقوربانت بم گاڵتەم کرد؛ بەقوربانت بم.

دەنگ: کوا کرێی خانوەکە؟

حەمە: بەخوا وەعد بێ مانگی داهاتوو، کرێی چوار مانگت پێکەوە ئەدەمێ، بەقوربانتان بم، بەس تا مانگی داهاتوو لێم بوەستن.

دەنگ: هەموو مانگێ هەروا دەڵێیت، لەم خانووە بڕۆ دەرەوە.

حەمە: بۆ کوێ بڕۆم، هیچ کوێ شك نابەم، ژنەکەم نەخۆشە، بەم سەرمایە بۆ کوێی ببەم، لە دەرەوە دەمرێ، بۆ کوێ بڕۆم؟

دەنگەکان: پێم وتی بڕۆ دەرەوە (لەماڵ دەرئەکرێت)

(شەو - دەرەوە)

حەمە: لە خانوو دەرکرام نازەی نەخۆش و ئازەی کۆرپەم خستە سەر عەرەبانەو کۆڵانەکانی شارم تەی کرد بۆ شوێنێك کە رۆژی تیابکەمەوە، هۆ خەڵکینە جێگایەکم بدەنێ بەم شەوە ساردە دەرکراوم و نازە نەخۆشە، لەم شەوە ساردەدا ئەمرێ، تۆخوا دەرگایەکم لێ بکەنەوە، هۆ خەڵکینە (بێدەنگی) بۆ کەسێك وەڵامم ناداتەوە، بۆ کەسێك دیار نییە، هۆ خەڵکینە.. ئەڵێی ئەم شارە کەسی تیا ناژی، بۆ کەسێك وەڵام ناداتەوە، ئەرێ لە کوێن، هەمووتان لەژێر پاسارێکدا خەوتوون و منیشتان بێلانە کردووە، نازەگیان باش خۆت و ئازە داپۆشە، دنیا ساردە و هەورێکی رەش ئاسمانی گرتووە، بەڵکو جێگایەك ئەدۆزینەوە تیا رۆژبکەینەوە، بۆ کوێ بڕۆین.. ئا ئەچینە بن ئەم دەرگایە پاسارێکی باشی هەیە لێرە ئەخەوین، خوا کەریمە تا بەیانی.. خۆتان باش داپێچن.. با لێرە بخەوین (لەسەر عەرەبانەکە ئەخەون)

دەنگەکان: (عەرەبانەکە دورئەخەنەوە) کاکە لێرە مەوەستە

حەمە: ئەوە چیە، بۆ لێرە نەوەستم، ئەی بچم بۆ کوێ، لەکوێ بخەوم...، نازە گیان ئازە گیان، مەگرین؛ ئێستا جێگایەکی تر ئەدۆزینەوە.. ئا ئەچینە ئێرە، لەوە ناچێ ئەمە بەرماڵی کەس بێ.. لێرە ئەخەوین.. (جێگا چاك ئەکات و ئەخەوێت)

دەنگەکان (عەرەبانەکە دوورئەخەنەوە) بابە لێرە مەوەستە!..

حەمە: ئەمە چییە.. بۆ لێرە نەوەستم، ئەمە چییە، ئەمە بەرماڵی تۆیە، ئەوە بەردوکانی تۆیە، ئەی من؟ من لەکوێ بخەوم؟ بۆ ئێوە بەرماڵ و بەردوکان و پاسارتان هەیە؟ کەی دابەشتان کرد؟ ئەی من لەکوێ بووم؟ بۆ من مەترێك زەویم بەرنەکەوت؟ هۆ خەڵکینە هاوار ئەمشەو رۆژ لەکوێ بکەمەوە، بۆکوێ بچم، ژنێکی نەخۆش و منالێکی ساوا بەم شەوە ساردە بۆ کوێ ببەم، هۆ خەڵکینە پێم بڵێن ئەمشەو لەکوێ رۆژ بکەینەوە؟ (وەستانێك) ئا بیرم کەوتەوە نازە گیان شوێنێکی باشم بەبیردا هات، ئەڕۆین بۆ گۆڕستان لەوێ ئەخەوین (تۆزێك ئەڕوات)، نا ئەویشیان دابەشکردووە؛ لەوێش هەر کەسێك چەند مەترێکی بۆ خۆی بردووە؛ جێگەی ئیمە نابێتەوە؛ ئەی بۆ کوێ بڕۆم خوا هاوار ...(سەیری دەوری خۆی ئەکات و بیر ئەکاتەوە) لێرە لەم کۆڵانە ئەوەستین، جێگا زۆر ناگرین، هەر تەنها شوێنی عەربانەکە نەبێ.. مەترێ بە مەترێك، نا زۆرە با دەرمان نەکەن، تەنها جێگای دوو پێی بەسە، ئێوە خۆتان لەسەر عەرەبانەکە باش داپێچن، منیش عەرەبانەکە ئەخەمە سەرکۆڵم (عەرەبانەکە ئەخاتە سەرکۆڵی) ئاوا، ئەگەر جێی دوو پێش زۆربێ، ئەوا لەسەر یەك پێ ئەوەستم، زۆر چاکە دەی بخەون (لەسەر یەك قاچ ئەوەستێ — خەوتن)

دەنگ: هەیاران و مەیاران.. یاخوا داکاتە باران.. بۆ فەقیر و هەژاران ............

حەمە: (بەخەبەر دێت) ئەوە چییە.. ئەڵێن چی؟

دەنگ: هەیاران و مەیاران.. یاخوا داکاتە باران.. بۆ فەقیر و هەژاران ............

حەمە: نا بەقوربانتان بم، هەیارانی چی و مەیارانی چی، با باران نەبارێ، ژنەکەم نەخۆشە با نەمرێ، با باران نەبارێ.

دەنگ: هەیاران و مەیاران.. یاخوا داکاتە باران.. بۆ فەقیر و هەژاران ............

حەمە: فەقیری چی و هەژارانی چی، بارانمان بۆ چییە؟ من بستێ زەویم نییە بارانم بۆ چییە، بەسە بیبڕنەوە بەقوربانتان بم، با باران نەبارێ، بارانمان ناوێ، با باران نەبارێ.

وەك بیڵێنەوە... هەیاران و مەیاران، یاخوا باران نەبارێ.. بۆ فەقیرو هەژاران..

دەنگ: هەیاران و مەیاران.. یاخوا داکاتە باران.. بۆ فەقیر و هەژاران ............

( باران بارین)

حەمە: نا.. نا.. نا، بەسە بیبڕنەوە، ئاسمان بەسە بۆ گوێ لە ئەوان ئەگری، بۆ بەشداریی ئەم پیلانە ئەکەیت؟ ئەمە پیلانە دژی من بۆ بەشداریی تیا ئەکەیت.. بەسە باران مەبارێنە، من جێگایەکم نییە بچمە ژێری، بەسە بیبڕنەوە، رەشەبا ئەی تۆ بۆ هەڵئەکەیت، تۆیش دژی من هەڵئەکەیت، ئەتانەوێ ئەمشەو نازە بکوژن، بەسە بیبڕنەوە، ئەمە پیلانە پیلان، زەوی و ئاسمان یەکیان گرتووە و پیلان دژی من ئەگێڕن، ئەتانەوێ ئەمشەو نازە بکوژن، بەسە توخوا وازم لی بێنن.. نازەگیان هەستن بابچینە ژێر عەرەبانەکە، باران و رەشەبا وازناهێنن، دەی بەپەلە. (ئەچنە ژێر عەرەبانەکە و خەوتن.. تاریکی)

( بەیانی-لە بێئاگاییدا)

حەمە: (خەبەری ئەبێتەوە)ئەوە چیە، ئەە، ئێرە کوێیە؟ ئەمە چییە؟ ئەم هەموو خانووە چییە؟ ئەمانە کەی دروستکرا؟ ئەم هەموو خانووە چۆن دروستکرا؟ ئەە خۆ شوێنێك نەماوە بەبەتاڵی مابێتەوە.. ئەی

من لەکوێ بووم، بۆ کەمن خەوتبووم ئەم هەموو خانووەتان دروستکرد، ئەمە بوو پیلانەکە، ئەمە ئەنجامی پیلانەکەتان بوو، منتان لە خانوو دەرکرد و ئاسمانیش بە باران و رەشەبا بەشداریی کردن بۆ ئەوەی بێ من ئەم هەموو خانووە بۆ خۆتان دروستبکەن، نا نایەڵم لێتان بەسەر بچێ، لێتان قبووڵ ناکەم، شۆڕشتان دژ ئەکەم، شۆڕشی دژی خانوو.. بڕوخێ خانوو.. بڕوخێ خانوو.

دەنگ: بڕوخێ خانوو..

حەمە: خانوو زیانێکی زۆر لە ئابووری وڵات ئەدات.. بڕوخێ خانوو..

دەنگ: بڕوخێ خانوو..

حەمە: خانوو نایەڵێ خۆر بگاتە کونجیماڵەکان. بڕوخێ خانوو..

دەنگ: بڕوخێ خانوو..

حەمە: خانوو هەموو دەموچاوە دزیو و درۆزنەکان ئەشارێتەوە.. بڕوخێ خانوو..

دەنگ: بڕوخێ خانوو..

حەمە: خانوو نان و خواردنەکانی ئێمەی تیا ئەشارێتەوە. بڕوخێ خانوو

دەنگ: بڕوخێ خانوو

حەمە: خانوو ژینگەی جیهان پیس و بۆگەن ئەکات. بڕوخێ خانوو

دەنگ: بڕوخێ خانوو

حەمە: خانووەکان دنیای لێ تاریك کردووین. بڕوخێ خانوو

دەنگ: بڕوخێ خانوو..

حەمە: سەرکەوێ شۆڕشەکەمان، بەسەرۆکایەتیی حەمەی بێ خانوو. بڕوخێ خانوو..

دەنگ: سەرکەوێ شۆڕشەکەمان، بەسەرۆکایەتیی حەمەی بێ خانوو. بڕوخێ خانوو..

حەمە: خانووەکان بڕوخێنن.. تێکی بدەن.. بەردی بەسەر زەوییەوە مەهێڵن.. بیڕوخێنن.

دەنگ: بڕوخێ خانوو (خانوو دەڕوخێنن)

حەمە: ئاواتان لێ ئەکەم، ئا سەیرکەن، ئەوە چیە، ئەو هەموو خەڵکە، سەیری ئەو هەموو خەڵکە بکەن، ئەم هەموو خەڵکە لەکوێدا خۆیان حەشاردابوو؟ ئاوا ئەتانهێنمە دەرەوە، رووی شاراوەتان ئاشکرا ئەکەم. ئەو هەموو خواردنە سەیرکەن، ئەو هەموو خواردنەتان لەکوێدا حەشاردابوو، خۆ بەشی دوو مەملەکەت ئەکات، ئاواتان لێ ئەکەم، ئاوا ئەتانهێنمەوە سەر زەوی و رووی رەشتان ئاشکرا ئەکەم. ئاواتان لێ ئەکەم... من ئێستا سوڵتانم، سوڵتانی مەملەکەتی بێ خانوو، مەملەکەتی کەلاوە، مەملەکەتی نان. من سوڵتانم، سوڵتانی مەملەکەتی کەلاوە، ها ها ها، من سوڵتانم (هێستریایانە پێئەکەنێ)...

دەنگەکان: (لەدوورەوە) هۆ حەمە.. حەمە هۆو

حەمە: وس... وس (بێدەنگ گوێ ئەگرێ)

دەنگ: حەمە لە کوێی؟

دەنگ: حەمە لە چ کونجێك خۆت حەشارداوە

دەنگ: بۆ کوێ ئەچی هەر ئەتدۆزینەوە

دەنگ: حەمە لە کوێی

حەمە: (جێگا بۆ جێگا شوێنی خۆی ئەگۆڕێ و خۆی حەشار ئەدا)

حەمە: حەمە ئێستا خاوەنی مەملەکەتی کەلاوەیە، تازە بە ئێوە رام ناکرێت، حەمە ئێستا خاوەنی شۆڕشە، حەمە ئێستا ئازاد و سوڵتانە، (پێئەکەنێ) من سوڵتانم (سەرەوخوار پاڵئەکەوێت، بێدەنگ سەیری بینەران

ئەکات و لە یەکەی بینەران رائەمێنێ و پێئەکەنێ)

حەمە: ئەزانن چی؟... (لە پێکەنیندا ناتوانێ قسەکەی تەواو بکات) شتێکی خۆشم بینی... (پێکەنین) ئەزانن چی (پێکەنین)..

حەمە: ئەزانن چی؟ هەمووتان لینگەو قوچن، خۆتان راستبکەنەوە..

نازە: حەمە.

حەمە: بێدەنگ، بێدەنگ، ئەوە دەنگی نازەیە.

نازە: (دەنگی بەرز ئەبێتەوە) حەمە مردم.. فریام کەوە.. مردم.

حەمە: نا نازە گیان، وا هاتم (دیمەنێك بە خاوی، هەوڵ ئەدات بگاتە لای عەرەبانەکە، ئەگاتە لای عەرەبانەکە بەڵام فریای نازە ناکەوێ و رۆحی نازە هێدی هێدی بەرز ئەبێتەوە و نازە ئەمرێ) نا.. نازە گیان.. نا.. نا (ئەکەوێتە سەر عەرەبانەکە)

(دیمەنی شیوەن و گریان)

حەمە: (بە گریانەوە لەنێو کەسەکاندا دێت و ئەڕوات) نازە مرد، نا کوشتیان، نازەیان کوشت، نەخۆشی نەیکوشت، کوشتیان، کوشتتان، ئێوە کوشتتان، ئا نەمرد کوشتیان.. بەلێدان کوشتیان.. گوێم بۆ بگرن با پێتان بڵێم چۆن کوشتیان.. تو خوا گوێبگرن.. با بیگێڕمەوە.. ئەو شەوە نازە نەخۆش بوو، ئا لە خانوو دەریانکردین.. ( گوێی بۆ ناگرن) بۆ گوێم لێ ناگرن، کوشتتان و گوێشم بۆ ناگرن، تو خوا گوێ بگرن (روو لە بینەرێك ئەکات) تۆ گوێم لێ بگرە بابۆت بگێڕمەوە. هەر تۆزێ گوێم لێگرە.. نازەیان کوشت، ئەو شەوە لە خانوو دەریان کردین و شەوێکی ساردبوو، شوێنێك نەبوو تیا بوەستین.. (گوێی لێ ناگری) تۆش گوێ ناگری، بۆ گوێم لێ ناگری بۆ؟ کەس گوێم لێ ناگرێ.. نازەیان کوشت و گوێشم لێ ناگرن.. (روو لە بینەرێکی تر ئەکات) تۆ گوێم لێ بگرە، ئەو شەوە.. تو خوا گوێم لێ بگرە.. ئەو شەوە لەبەر دەرگاکان دەریان کردم، هاتن هاواریان کرد بۆ باران بارین، هەرچی پێم وتن.. (گوێ ناگری) ئا تۆش.. تۆش گوێ ناگری.. خوا ئەی بۆ کێی بگێڕمەوە.. تو خوا گوێم لێ بگرن.. ئەگەر نەیگێڕمەوە دڵم شەق ئەبا.. خانم تۆ گوێم لێ بگرە.. نا تۆ گوێم لێ بگرە.. کەس گوێم لێ ناگری.. ئەرێ کەسێك نییە گوێم لێ بگرێ.. هەمووتان بەپیلان کوشتان، گوێشم لێ ناگرن، ئەی بۆ کێی بگێڕمەوە؟ دڵم پرە لە ئازارو کەس ئامادە نییە گوێم لێ بگری.. ئەی هاوار کێ هەیە گوێم لێ بگرێ، کوشتیان و گوێشم لێ ناگرن.. (بەعەرەبانەکە) تۆ گوێم لێ بگرە.. بابۆت بگێڕمەوە.. چی بگێڕمەوە، تۆی رەق و بێ زمان چی تێئەگەی، چیییییی؟ **

ئازە گیان، تۆ گوێم لێ بگرە، ئەزانم تێناگەی، بەڵام هەستم پێ ئەکەی.. دایکتیان کوشت، نەمرد، کوشتیان.. ئەو شەوە هەموویان کۆبوونەوە پیلانیان دانا، زەوی و ئاسمان بەشدارییان کرد، باران باری و رەشەبا هەڵی کرد، دایکت نەخۆش بوو، لەسەرمانا بەرگەی نەگرت و کوشتیان.. ئا بە پیلان کوشتیان، ئەبێ تۆش بزانی کە دایکتیان کوشت.. ئازە گیان کوشتیان، نابێ لێیان خۆش بیت، نا، هەست ئەکەی چی ئەڵێم؟.. پرسیار بکە تا پێت بڵێم.

(منداڵی)

حەمە: کاتێ منداڵ بووم پرسیاری عەجیب عەجیبم بەمێشکا ئەهات، بەڵام هەموو جاری بە شەق و زللە وەڵامیان ئەدامەوە، جارێکیان لە دایکم پرسی..

(منداڵی): دایە بۆچیماڵی دراوسێکەمان حەوشەکەیان لە هی ئێمە گەورەترە؟

دایك: کورم ئەوان خوا پێداون.

منداڵ: ئەی بۆ گوڵیان لە ئێمە زیاترە؟

دایك: وتم ئەوان خوا پێداون و بیبڕەوە.

منداڵ: ئەی بۆ خوا حەوشەو گوڵی زۆری بە ئێمە نەداوە؟

دایك: کوڕم ئەوە کاری خوایەو وا دابەشی کردووە.

منداڵ: کاری خواواوا؛ دایە گیان تەنیا پرسیارێکی تر ئەکەم ئێ باشە خوا لە کوێیە؟

دایك: لەو ئاسمانە دانیشتووەو سەیری چاکە و خراپەی ئێمە ئەکات.

منداڵ: بۆ دایە ئەوان چاکن و ئێمە خراپین وا گوڵی زۆرمان ناداتێڤ

دایك: هەتیو ئەوە خوا خۆی ئەزانێ؛ کێ وتویەتی ئێمە خراپین؟

منداڵ: ئەی بۆ وای دابەشکردووە؟

دایك: کەرە ئەوە حیکمەتی خۆیەتی و تەنیا خۆی ئەزانێ.

منداڵ: ئەی دایە خوا لەو ئاسمانە لەسەر چی دانیشتووە؟

دایك: وسبە هەتیو کوفر مەکە.

منداڵ: ئەی بۆ وای دابەشکردووە؟

دایك: وتم حیکمەتی خۆیەتی.

منداڵ: حیکمەت حیکمەت حیکمەت چییە؟

دایك: گۆڕی باوکتە بەسە بیبڕەوە (لە منداڵەکە ئەدات)***

دەنگەکان: گۆڕی باوکتە بەسە بیبڕەوە.

حەمە: گۆڕی باوکتە بەسە بیبڕەوە، گۆڕی باوکتە بەسە بیبڕەوە، هەرجارێ پرسیارم بکردایە ئاوا وەڵامیان دەدامەوە و بەر نەعل و جنێویان دەدام، ئیتر ئەو پرسیارە کوفرانەیان لێ حەرام کردم، کوڕم، ئێستا من وەڵامی ئەو پرسیارە حەرامانە ئەزانم، تۆ پرسیارکە و من وەڵامت ئەدەمەوە، بڵێ بۆ ئەوان حەوشەکەیان لە هی ئێمە گەورەترە؟ پێت ئەڵێم بەشی ئێمە بوو بردیان، بۆ گوڵیان لە ئێمە زۆرترە؟ پێت ئەڵێم هی ئێمە بوو دزییان، ئەوان نەك هەر گوڵەکانیان دزین خۆشمانیان دزی، نانمانیان دزی، دایکتان دزیو کوشتیان، ئا ئەوان بوون دایکتیان کوشت، بەپیلانێك لە نێوان ئەوان و ئاسمان، نا خۆی نەمرد کوشتیان ئا کوشتیان و تەنیا کەسێکیشیان ئامادە نەبوو گوێم لێ بگرن چیرۆکی کوشتنی دایکت بگێڕمەوە، تەنیا تۆ ئێستا گوێم بۆ ئەگری تێناگەیت، بەڵام دیارە هەست بە وشە ئاگرینەکانم ئەکەیت، نابێ لێیان خۆشبین ئەبێ تۆڵەیان لێبکەینەوە، ئەبێ هەموو گوڵ و نانە دزراوەکان بگێڕمەوە، ئەبێ شۆڕشی مەزن دژیان هەڵگیرسێنم، من حەمەی عەرەبانچی ئەبم بە پێشڕەوی بێ خانوو و بێ نانەکان، بۆ سەرکەوتنی ئایندەی شۆڕشەکەمان، بۆ کەلاوە و بۆ نان، هەمووومان دێینە مەیدان، بەهەڵبژاردن دەچینە دەسەڵاتی بڕیاردان، هەڵبژێرن لیستی نان.

دەنگەکان: هەڵبژێرن لیستی نان.

حەمە: نان شادەماری ژیانە.

دەنگەکان: هەڵبژێرن لیستی نان.

حەمە: نان هەناسەی بێنانەکانە.

دەنگەکان: هەڵبژێرن لیستی نان.

حەمە: نان دروشمی وڵاتی کەلاوەی نانە.

دەنگەکان: هەڵبژێرن لیستی نان.

حەمە: نان ئاواتی هەموومانە.

دەنگەکان: هەڵبژێرن لیستی نان.

حەمە: هەڵبژێرن لیستی نان.
دەنگەکان: هەڵبژێرن لیستی نان.
حەمە: هەڵبژێرن لیستی نان، بەسەرۆکایەتیی حەمەی بێ نان.
دەنگەکان: هەڵبژێرن لیستی نان، بەسەرۆکایەتیی حەمەی بێ نان.
حەمە: دەنگەکان کۆ بکەنەوە.
(کەسەکان دەچنە ناو خەڵك دەنگەکان کۆئەکەنەوە)
حەمە: دەنگەکان جیا بکەنەوە، نان.. نان.. نان.
دەنگەکان: نان.. نان.. نان.
حەمە: گۆشت..
دەنگەکان: نا.. نا..
حەمە: نان...نان.. ئاو.
دەنگەکان: نا.. نا.
حەمە: نان.. نان.. خانوو.
دەنگەکان: نا.. نا..
حەمە: نان.. نان.. ماستاو.
دەنگەکان: نا.. نا..
حەمە: نان.. نان.. نان.. نان.. نان.. نان..
دەنگەکان: نان.. هۆ.. هۆ. بردمانەوە.. بەزۆرینەی دەنگ بردمانەوە.
حەمە: ئێستا کاتی پێکهینانی حکومەتە، حکومەتەکەمان ناو ئەنێین..
دەنگ: حکومەتی کەلاوەی نان..
حەمە: تۆ ئەکەم بە وەزیری ئابووری، ئەمانە ئەرکەکانتە، نابێ خانوو لە وڵات دروست بکرێت، هەموو خاکی وڵات ئەکەیت بە دەغڵ و دان، جگە لە دەغل و دان، میوەو سەوزەو بەروبوومی تر هیچ پێویست نییە، نابێ بکرێت.
یەك: بەڵێ بەسەرچاو..
حەمە: تۆ ئەکەم بە وەزیری بەرگری، ئەرکەکانت، هەرکەس زۆری خواردو ورگی دەرپەڕی، نەهێڵن کەس بەناوی برسیتییەوە دەغڵ و دانەکانمان بخوات، تێگەیشتی.
دوو: بەڵێ بەسەرچاو..
حەمە: تۆ ئەکەم بە وەزیری دەرەوە، ئەرکەکانت: تەنها هێنانی کەرەستەکانی کێڵان و دروێنەوەی دەغڵ و دانە، کەرەسەکانی تر پێویست نین بۆ وڵات.
سی: بەڵێ..
حەمە: تۆ ئەکەم بە وەزیری گلەیی، ئەرکەکانت: هەرکەس گلەیی هەبوو لەنان و ژیان، گلەییەکان دەهێنی بۆ حکومەتی کەلاوەی نان.
چوار: بەڵێ
حەمە: تۆ ئەکەم بە وەزیری ئاش، ئەرکەکانت: هاڕینی گەنم و جۆی وڵاتە بە چاکی.
پێنج: بەڵێ..
حەمە: تۆ ئەکەم بەوەزیری نانەوا، هەرچی گەنم و جۆی وڵات دەگاتە لات دەیکەیت بەنان.
شەش: بەڵێ..

حەمە: تۆش وەزیری گواستنەوە، هەرچی نان هەیە لە نانەوا، بە عارەبانە، بە بار، بە کۆڵ، دەیهێنی بۆ لای من.

دەنگەکان: ئەی تۆ چیی لێ ئەکەیت؟

حەمە: (بیر ئەکاتەوە) نازانم هەمووی بخۆم؟ یان بیدەم بە خەڵکی؟

دەنگەکان: دەرگاکە کرایەوە..

(وەك دیمەنی سەرەتا، بەردەم نەخۆشخانە)

حەمە: دەرگاکە کرایەوە (دەرگاکە هێواش دەکرێتەوە) نا... نامەوێ بیبینم، ئەگەر کوڕەکەم زیندووە، خێرا دەرگاکە بکەنەوە، زۆر ئەترسم لەو دەرگایە، ئەترسم بە هیوای من نەکرێتەوە... ئەگەر مردووە نامەوێ دەرگاکە بکرێتەوە، نا... نا... پێم بڵێن چییە بۆ بێدەنگن... پێم بڵێن چییە و چی رویداوە..

(هەموو لە دەرگاکەوە دێنە دەرێ و مناڵە لەسەر عەرەبانەکە دائەنێن)

حەمە: مرد... مرد.. نانانانانا..

دەنگەکان: نانانانانا..

(حەمە عەرەبانەکە بۆ پێشەوەی شانۆ پاڵئەنێ و کەسەکان وەك سەرەتا جێگای خۆیان ئەگرنەوە و وەك دیمەنی سەرەتا سروودی پێشەکی ئەڵێنەوە)

دەنگەکان+حەمە: هۆ خەڵکینە دەگوێ بگرن
تەنها ساتێ خەمەکانم لـێ وەربگرن
بۆ تۆ پادشا و من هەژارم؟
بۆ تۆ بێخەم موڵکداری
منیش ماندوو هەر بێکارم؟
هۆ خەڵکینە دەگوێ بگرن
تەنها ساتێ خەمەکانم لـێ وەربگرن
چاوەڕوانی بوو بە میوان
خەمی گەورەی لەکۆڵنام و
برسێتیی کردە پشتیوان
بە بێدەنگی هاوار ئەکەم
بۆ ژیانی پڕ لە گریان
ئەپاڕێمەوە لە یەزدان
هۆ خەڵکینە دەگوێ بگرن
تەنها ساتێ خەمەکانم لـێ وەربگرن..

*شیعری فەرەیدون عەبدول بەرزنجی.

** خەمەکانم.. چیخۆف.. و: ڕەوف بێگەرد.

*** گوڵی رەش.. شێرزاد حەسەن.

-ئەم شانۆییە لە دەرهێنان و نواندنی دڵشاد حسێن لە فێستیڤاڵی هونەریی کەرکوك لە دەربەندیخان ساڵی 1994پێشکەشکراوە و خەڵاتی باشترین دەرهێنانی پێبەخشراوە.

ساڵی 1994 لە فێستیڤاڵی شانۆی کوردی لە هەولێر پێشکەشکراوە و خەڵاتی باشترین بەرهەمی پێبەخشراوە.